Revolutionareis Union of Kurdistan

یەكێتی شۆڕشگێڕانی كوردستان

# تێكهەڵچوونی نێوانی خەڵك و هێزی ئینتیزامی
# لە مەریوان

سەعات یەكی پاش نیوەشەوی دووشەمە لە سەر سێشەمە، 20ی پووشپەڕ لە نێوان هێزی ئینتیزامی و دانیشتووانی گەڕەكی"مووكس" لە مەریوان تێكهەڵچوونێك رووی دا.

تێكهەڵچوونەكە، كاتێ رووی دا كە هێزێكی ئینتیزامی و ژمارەیەك مەعموری شارەوانی، بۆ تێكشكاندنی ئەو خانووانەی هاووڵاتیانی بێسەرپەنای گەڕەكی"مووكس" دروستیان كردووە، چوونەتە ئەو گەڕەكە و بە تەمای تێكدانی خانووە دروست كراوەكان بوون.

كاتێ دانیشتووانی ئەو گەڕەكە، لە هاتنی هێزی ئینتیزامی و نیازیان ئاگادار بوون، ژن و پیاو لێیان وەدەر كەوتن و بە دار و بەرد هەڵمەتیان بردە سەریان و راویان نان.

گەڕەكی"مووكس" پێشتر گوندێك بووە كە ئێستا بە هۆی گەورە بوونەوەی شاری مەریوان، بووەتە گەڕەكێك لەو شارە و 150 ماڵی لێ نێشتەجێیە.

22/پووشپەڕی/27005

13/جولای/2005

www.ruk2691.com

Email: ruk2691@yahoo.com -TEL: 009647504480467 كوردستان (ناوەندی)

Email: ruk_usa@yahoo.com -TEL: 202-4923-235, 519-489-0162, 703-286-5389 ئەمریكا

Email: ruk.europa@betuwe.net - TEL: 0031263252693- Fax: 0031263252157 ئوروپا

ئادریس: باشوری كوردستان، هەولێر شەقامی شەست میتری، كۆڵانی19 ، گەڕەكی – 336مامۆستایان، ژمارەی خانوو (7)

TEL:2226682 - Mob: 4480467